لێکاتی داخستنی بازاڕ بەهای دۆلار زیاتر بەرزبووەوە

ئێوارەی ئەمڕۆ لێکاتی داخستنی بازاڕەکانی دراو بەهای دۆلار بەرزبووەوە و 100 دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە 146 هەزار و 150 دینار مامەڵەی پێوەکرا.

بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لێکاتێکدایە لەماوەی هەفتەی رابردوودا بەهای دۆلار لێنێوان 145 هەزار بە 146 هەزار دیناردا بوو، بەڵام ئەمڕۆ بەربەرستی 146 هەزاری جارێکی دیکە شکاند و بەهاکەی بەرزتربووەوە.

لە کاتی کردنەوەی بازاڕەکانی دراو لە بەیانی ئەمڕۆدا بەهای 100 دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە 145 هەزار و 750 دینار بوو.